# شەر بە سوێندێکمان بفرۆشە ئەی حەقیقەت





ئەحمەد عەلی
ahmadali525@hotmail.com
ئازاری2006

حەقیقە ت .....
سەدایەک کپتر لە پیاسەی ئێوارانی دەریا
بە کەناری جەستەی خۆیا!
جەنجاڵێک لە میزاج و تەنهایی و خەڵوەتمان!
ئاسەوارت لە کام زەمان و زەمینا جێهشتوە ؟
بێ تۆ ڕە نگەکانی دونیا چ تەڵخە
بێ تۆ سیلسیلەی ڕۆژەکانی تەمەن چەن شێواوە ...

من لەم دیو شیرینترین حەسرەت و

خامۆشترین ئارامیمەوە بۆت ئەگەڕێم و
تۆش لەو دیو وەهمەکانمەوە ئەباری ،
من ئێستام مونتەزیری شیفایەکە و
تۆش بەلای برینما تێئەپەڕیو سەلام ناکەی ،
من لەم نیهایەتەوە سەرەتایەکم پێنادۆزرێتەوە
خاڵێک بێت بۆ تێفکرین لەم گەڕانە و
ڕوئیایەک بۆ حینجە کردنی دونیای تۆ
سەرەتایەک ،
وەک تیشکێک لە گلێنەما  لە گەڵ داگیرسانما نەکوژێتەوە
چەشنی چرایەک کە دیەیی
شارەزای ڕێی دووری موسافیرێک بێ
چرایەک ، شەق لە تاریکیمان هەڵبداو
لە تەنهایمان خۆشنەبێ
شەوقێک لە پشتمانەوە هەڵنەیە و لە ئێمەیا ئاوا ببێ ....

زەمانێ کە ئێمە بە غرورەوە بانگت ئەکەین و
بە ترسەوە بۆت ئەگەڕێین
بۆ نایەی یەخەی بەڵێنێکمان پێبگری ؟
شەڕ بە سوێندێکمان بفرۆشی،
ببینە ئێمە چی یاریەک بە تۆ ئەکەین
تۆش بە مەکرێکەوە بزەیەک
بە سیمای شپرزەی ئێمەیا ئەدەیتەوە

بڕوانە..
کەونمان پڕ کردوە لە عەتری تۆوماڵەکانی خۆمان نەبێ ...
حەقیقەت ،لەم بازاڕە گەرمەیا چەن هەرزان ئەتفرۆشینەوە
سەرنجدە چ جامبازێکی بێ تەماحین
وای لە ئێمە
دەستمان بە خەنجەرەوە بە هەموو شوێنەکانی جەستەمان ئەگا
بەڵام جورئەتی بەخشینی دەوایەک شک نابەین،

چ فایدە حەقیقەت
 کە ئەشکی مناڵێکت پی نەسڕایەوە
شەوێ خۆت نەکرد بە ژێر لێفە شڕی کچێکا
لێوانلێوە لە تەنهایی وتاسە و نزا
لە هەنیسکی قاچاخی شەو
بۆ جارێکیش بەری ئەم ڕوباری خوێنەت پێ نەگیرا ...

تۆ دەرکەوە
مەعلومیش نیە وەختێ دێیت چی کاریسەیەک ڕوو ئەدا
وەختێ دێیت کێ ئەڵێ
ئەبەدی بوون مانایەکی بۆ ئەمێنێتەوە
کێ ناڵێ ئەم ئاوێنەیە لە قەهری ڕەسمی ئێمەیا
وورد وورد نابێ

**کێش ناڵێ ئەم فەوزایە بە ئارامی ناسپێری .....**

**ئەی حەقیقەت**
**کاتێ نم نم بە سەر ئەم ئەستێرەیا دائەکەی**
**بستێ زەمین نامێنێتەوە، جێگەیەک نابێ**
**بە ڕوتی لە ژێر دلۆپەکانتدا خەیاڵ بمانباتەوە**
**کە ناوەختێ لە سوچێکی وجودمانەوە سێبەرت بە دیار ئەکەوێ**
**ئێمە لە تەفسیرەکانمان پەشیمان ئەبینەوە**
**لەعنەت لە سۆراخمان ئەکەین**
**کە تۆ هەڵئەکەی ئێمە پەنجەرەکانمان پێوە ئەدەین**
**کە تۆ هەڵئەکەی**
**ڕەگی وەعدە لەرزۆکەکانی ئێمە بە ئایندە**
**چنگیان لە دوێنێ گیر ئەکەن ،**
**گومانم هەیە کە ئەڵێن**
**ئێواران لە نێو عیشقمانا پیاسە ئەکەی**
**باخچە ڕەنگی تۆ بگرێت و کۆڵان سفرەت بۆ رابخا**
**ڕستەکانمان پێکهاتەیەکبن لە حەرفەکانی تۆ و**
**گۆرانیەکانمان بە دەم ژانی تۆوە نەزیفیان کردبێ و**
**مێژومان بە دەمارەکانی تۆیا تێپەڕیبێ**
**مەشکوکم**
**لە نێو جەنگەکانەوە هەمیشە بە برینداری بێیتەوە،**

تۆ كه‌ نیت چی به‌دبه‌خت و به‌خته‌وه‌رین ئێمه‌ .